وەزارەتی دارایی هەرێم لیستی دابەشکردنی مووچەی مانگی نیسانی بڵاوکردەوە

دوای ئەوەی بڕی 443 ملیار دینار لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە خرایە سەر هەژماری بانکیی وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان لیستی مووچەی مانگی نیسان بڵاوکرایەوە.

وەزارەتی دارایی لیستی دابەشکردنی مووچەی مانگی نیسانی بڵاوکردەوە، کە لەماوەی پێنج ڕۆژدا و لە 15 بە 20ـی 5-2024 دابەش دەکرێت.

لیستەکە ناو و وادەی دابەشکردنی مووچەی هەزەکانی یەکەی 70 و 80، هەزی بەرگری و فریاکەوتن، زەرەفانی، دەزگای ئاسایش، ئەنجوومەنی ئاسایش و پۆلیسی دامودەزگا نەوتییەکانی تێدا نییە.
وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێت "ئەم خشتەیە بەپێی ئەو تەمویلە ئامادەکراوە، کە لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵەوە نەردراوە."